وڵاتەکەمان بناسین

شارۆچکەی ژاراوە



ئا : ئەرسەلان حەسەن
وێنە : بیگەرد عوسمان

ژاراوە یەکێکە لە شارۆچکە هەرە تازەکانی باشوری کوردستان. لە ساڵی (١٩٥٨) دا کاتێك بەنداوی دوکان دروستکرا، مەترسی ئەوە هەبوو گوندەکانی پشدەر و ناوچەی مەرگە ژێر ئاو بکەون، بۆیە لە ناوچەی مەنگۆرایەتی گوندی ژاراوە دروستکراوە. لە ساڵی (١٩٦٠) دا قوتابخانەو نەخۆشخانەی لێ کراوەتەوە. لە ساڵی (١٩٨٩) دا رژێمی بەعس وێرانی کردو خەڵکەکەی راگواست، بەڵام دوای را پەڕین ئاوەدانکراوەتەوەو لە ساڵی (٢٠٠٠) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرا بە ناحیە. دانیشتوانی ژاراوە ئێستا نزیکەی (٣٧٧٠) کەسە و بەسەر (٨٠٠) خێزاندا دابەش بوون و زۆربەیان بە کشتوکاڵەوە خەریکن.

دەست رەنگینی



ئامادەو وێنە : مەریوان جەلال